The Social Democratic Party of Kurdistan

Parti socialdemokrati Kurdistan (rojhelat)



## هاووڵاتیانی کوردستانیی،

## جەماوەری دیموکراسیخواز و ئاشتیخواز،

## بەشداربووانی یەکی ئایار،

ساڵێکی دیکە ڕێزگرتن لە ١ ئایار پێ دنێتە ساڵی ١٢٠ هەمینی خۆیەوە. بە درێژایی ئەو ساڵانە خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکاران و جووتیاران و خوێندکاران و رووناکبیرانی پێشکەوتووخواز و ڕەواخواز لە سەرناسەری جیهاندا خەباتی سەختیان بۆ وەدەستهێنانی مافگەلی باشتری کار کردووە.

لە وڵاتانی پیشەسازییدا بزووتنەوەی کرێکاریی پێشکەوتنی شایانباسی بە خۆیەوە بینیووە. لە سەرەتادا بزووتنەوەی لیبرالیی، پاشان بزووتنەوەی کرێکاریی، سەندیکایی ڕێکخراوەیی، بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی و جۆرەکانی دیکە لە چەپ بە شێوەی جیاواز خەباتیان لە پێناوی جۆرێک لە سیستەمی باشبژێتیدا کردووە کە تیایدا تاکەکەس ئازاد بێت و ماف و ئەرکەکان لە کاردا ڕوون و دیار بن و تا دەکرێت لە بەرژەوەندی و خزمەتی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا بێت.

باس لەو خەباتە و لە شێوە و میتۆدی ئەو خەباتە باسێک نییە لێرەدا بکرێت، بەڵام هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە لە جیهان و بە تایبەتی لە جیهانی پیشەسازییدا هەن سەرئەنجامی خەباتێکە کە خەڵکانێکی بێئەژمار بە شێوەی جیاواز و لە کاتی جیاوازدا کردوویانە.

لەو ڕووەوە پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) دەستخۆشی هەموو ئەو تاکەکەس و لایەن و گروپ و ڕێکخراوە و پارتانە دەکات کە لەو مێژووەدا ڕەواخواز و دادوەرخوازبوون، و هەوڵیان داوە بە شێوەیەک مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە ببەن.

ئەڵبەتە خەباتی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت و ناتوانین و جێی خۆی نییە گشتگیرانە باسی خەباتی کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاریی

بکەین. لە وڵاتانی پیشەسازیی خەباتی بێووچانی ئەو سۆسیالیبرالانەی بە تەنگ ئازادی تاکەکەس و دەستەڵاتی یاساوە دێن، ئەو سۆسیالدیموکراتانەی بە تەنگ مافی کار و سەقامگیرکردنی ئەو مافانە و گەشەپێدانیان دێن، ئەو ژنانەی سەر بە هەر بیرێکی سیاسین و خەباتی هەمەجۆریان کردووە، هەموو ئەو گرووپە چەپە جیاوازانە کە لانی کەم لە ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسیی جیددیدا بوون و هەن، خەباتی خوێندکاران و خەباتی مەدەنی و ناڕێکخراوەیی و ناحکومی، هەموو ئەمانە پێکەوە سیستەمێکی سیاسیی باشبژێتیان دروست کردووە کە، سەرەڕای هەموو کەموکورتی و جێ ڕەخنەیەکیش، شایانی باسە و جێی تێبینییە.

لەبەرئەوەی لەو سیستەمەدا ئایین و دەوڵەت لە یەک جودان، ئازادیەکان بە گشتیی بە ڕوونیی دەستنیشان کراون و کە یاسا حاکمە و دەستەڵاتی دادوەریی سەربەخۆیە، ئەوا گۆڕەپانێکی بەرفراوان بۆ زۆر شێوە لە کاری سیاسیی فەراهەمە. لەو گۆڕەپانەدا ئیمکانی گۆڕانکاریی و گەشە لە بواری جیاوازدا هەیە.

دۆخی کوردستان ناکرێت لەگەڵ ئەوەی سەرەوەدا بەراوورد بکرێت. کوردستان دووچاری داگیرکردنێکی بێوێنە هاتووە. ئەو داگیرکردنە بە سیاسەتێکی پلانبۆکراو کە تیایدا هێزی نیزامی و نانیزامیی و ئەمنی و سیخوریی تیایدا بەشدارن درێژەی پێ دەدرێت. هاوکات دژایەتیەکی لە ڕادەبەدەری کولتوریی و فەرهەنگیی کورد دەکرێت بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی کورد و کوردستانیی بە بچووک و ناشایستە لە قەڵەم بدرێت. زمانی کوردی بە ڕەسمیی مامەڵەی قەدەخەبوونی لەگەڵدا دەکرێت و بە گشتیی بە "لەهجەی محەلی" ناوزەدە. سیاسەتی هەموو حکومەتگەلی ئەو دەوڵەتانە ئەوەیە کە کوردستان لە خەفەقان و ترس و دڵەهۆرەدا بهێڵنەوە و بەو شێوەیە لە خەباتی ئازادیی و سەربەخۆیی وەدوا بخەن.

کرۆکی دۆزی کورد لەوەدا خولاسە دەبێتەوە کە داگیرکەران سامانی کوردستان تاڵان بکەن. لە پێناوی ئەو تاڵانکردنەدا داگیرکەران لە هیچ جۆرە دەستدرێژیی و بێحورمەتییەک دەستیان نەگێڕاوەتەوە.

لەبەرئەوە دۆخی کوردستان دۆخێکی نائاسایی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی هەیە. لەو دۆخەدا پیشەسازیی لە کوردستان هەر لە سەر ئاستیی پیشەسازیی محەلی و دەستییە و کرێکارانی کوردستان لە دۆخی ناهەمواری سیاسیی کاردا دەژین. لە کوردستان بەروبوومی کشتوکاڵیی و ئاژەڵپەروەریی، سەرەڕای ئەوەی کە کوردستان بە نەریت کشتوکاڵیی و ئاژەڵدارە، لە ئاستی ناپیشەسازیی و ناتەکنیکییدایە و جووتیاران لە کوردستان هێزێکن کە بە نانەسکی دەژین و لە پرۆسەی  ی‌انبـــاس‌ی‌و شا ی‌دد‌ی‌ج پیشەسازیی و تەکنیکیی کشتوکاڵدا بەشدار نیین و بەو شێوەیە لە سیاسەتی کشتوکاڵییدا بە گشتیی بێ دەور و بێ بڕیار و بێ قسەن.

کاتێک گەلی کوردستان لە دۆخی ئاوای سیاسیی و ئابوورییدا دەژی دیارە خوێندکاران و توێژی ڕۆشنبیر و ئەدیبانی کورد و دانیشتووانی کوردستان ناتوانن ئازاد و سەربەخۆ بن و دڵخوازانە و ڕاشکاوانە لە پرۆسە سیاسییەکاندا بەشدار بن. هەموو جۆرە بەشداریەکی وا، ئەگەرچی لە سەر ئاستی نزمیش بێت، ئاکامی خراپی بۆ ئەو چالاکوانانە لێ کەوتووەتەوە و لێ دەکەوێتەوە.

گەلی کوردستان لە ناو وڵاتی خۆیدا زیدانیەکە ڕۆژانە سووکایەتی پێ دەکرێت و کەسایەتی دەشکێندرێت و مامەڵەی تاوانباری لەگەڵدا دەکرێت.

لەبەرئەوە ١ ئایار بۆ ئێمە مانایەکی دیکەی هەیە وەکوو ئەوەی بۆ چینگەلی کرێکاریی و جووتیاریی و خوێندکاریی لە وڵاتانی دیکە هەبێت.

ئێمە لە ١ ئایاردا داوای هاوپشتێتیی سیاسیی بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان دەکەین و داواکارین کە ڕای گشتیی دیموکرات و ئازادیخواز پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بە ڕەسمیی بۆ کورد قبوڵ بکەن و لە سەر ئەو بناخەیە هاوکاریی ئازادیخوازانی کوردستان بکەن.

ئێمە، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)، دەزانین کە هاوکات لەگەڵ خەباتی سیاسیی ئازایخوازانەماندا دەبێت خەبات بۆ بە دیموکراسییکردن و بە فرەلایەنیکردنی ئەو خەباتە بکەین و زەمینەیەکی دیموکراتیک بۆ کوردستانێکی

سەربەخۆ کە تیایدا یاسا سەروەر بێت، بخەملێنین. بێ ئەو خەباتە هاوتەریبە ناتوانین کەرەستەی دەوڵەتێکی دیموکراتیک کۆبکەینەوە و ناتوانین داواکاریی ڕاشکاو و کۆنکرێتمان لە دەستەڵاتی سیاسیی هەبێت.

بۆ ئێمە خەبات بۆ بڵاوکردنەوەی بیری دیموکراسیی و چەسپاندنی ئەو بیرە یەکێکە لە پرنسیپە کۆڵەکەکانی پارتی. لەو پرۆسەیەدایە ئێمە پرۆژەی سۆسیالیزم دەخەینە بەردەست. یەکێک لە جیاوازیی دیار و ئاشکرای ئێمە ئەوەیە کە سۆسیالیزم لە پرۆژەیەکی شەخسیی و ڕێکخراوەییەوە بکەین بە پرۆژەیەکی کۆمەڵیی و کۆمەڵگایی و هاوکات ئایینەدیی. بەشدارییکردنی سیاسیی وا کە سیاسەت ببێت بە کاری ڕۆژانەی دانیشتووانی کوردستان و وا کە لە هەموو کاروبارێکدا جێی قسەیان بێتەوە کۆڵەکەیەکی دیکەی پرنسیپیمانە.

ئێمە وەکوو پارتێکی سۆسیالیست، بەڵام سۆسیالدیموکرات، هەوڵدەدەین و تێدەکۆشین کە لە نەخۆشی منداڵیی چەپ و شێوەکانی ئێکسترێمیزم (پەڕگیریی) و سێکتاریزمی سیاسیی بە دوور بین.

بەو شێوەیە پەیامی ئێمە لە یەکی ئایاردا پەیامێکی هەمەلایەنەیە. ئێمە پارتێکی ڕۆمانسیی کرێکاریی نیین بە شیعر و بە وشەی ناسک چینی کرێکاری کوردستان بلاوێنینەوە، چونکە دەزانین زەخمی ئەوان قووڵە. ئێمە هەروەها بە توندی پێ لە سەر ئەخلاقێکی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتییانە دادەگرین کە لەوێدا ئەرک و پرنسیپی مرۆڤایەتی جێی سازش نەبن. دزی، گەندەڵی، مافیاڕەفتاریی، نەریتی بێحورمەتیی کردن و سووکایەتی پێکردن و شکاندن و ناوزڕاندنی مرۆڤ نابێت لە ڕەفتاری ئێمەدا جێی بێتەوە.

پارتی ئێمە لە ١ ئایاری ٢٠٠٩ دا سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەرجەم ئەو گیانبەختکردووان و قوربانیانە دادەنەوێنێت کە بە جۆرێک لە خەباتی ئازادیخوازیی کوردستاندا بەشدار بوون، ئەوانەی لە زیندانەکاندا گیانیان سپارد یان بەشێک لە تەمەنی خۆیان لە زینداندا بە سەر بردووە و بە سەر دەبەن، بۆ ئەوانەی ئاوارە و

دوورولّات کران و غەریبی و سەری بەرز بە هیچ مەقام و پلەیەک ناگۆڕنەوە و کە لە ولّاتانی هەندەران خەریکی کار و خەباتی کوردستانیین.

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان ١ ئایار لە سەرجەم کرێکاران و جووتیاران و خوێندکاران و کاسبکاران و ڕۆشنبیران و فێمێنیستانی کورد و کوردستان پیرۆز دەکات و سەرەرای بیری جیاوازیی سیاسیی ئەوان دەستخۆشیی کاری جیددیان لێ دەکات. ئێمە پێمان وایە ئەم قۆناخە دەبێت قۆناخی هاوکاریی هەمەلایەنەی هەموو جۆرە هێز و توانایەک بێت و تا ئاییندەیەکی دوورییش بە پێی پرنسیپی هاوپەیمانیی پێکەوە کار بکەین، چونکە لە هەندێک دۆخدا ئاوەدانکردنەوەی ولّات ئەگەر لە پرۆسەی ئازادکردنەکەی زەحمەتتر نەبێت هاسانتریش نییە. دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسیی کە بەرانبەر ناعەدالەتی و گەندەڵیی و نەخۆشیەکانی دیکەی بەڕێوەبردن بێ تۆلەرانس بێت کارێکی هاسان نییە.

پەیامی ئێمە پەیامی ئاشتیی و برایەتیی و خوشکایەتیی و هاوخەباتییە. پەیامی یەکترقبوڵکردن و سازکردنی کۆمەڵگایەکی فرەچەشن و فرەڕەنگ و فرەدەنگە. پەیامی دروستکردنی هاوپەیمانیی و هاوسەنگەرییە.

- بژی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ!
- بژی یەکی ئایار و هاوپشتێتی نێونەتەوەیی!

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

٢٠٠٩/٥/١